ئەعرەجی جەختدەکاتەوە لە جەبەجەکردنی ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتی لە بوارەکانی کاری هەواڵگری

قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی جەختی لە گرنگی جەبەجەکردنی ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتی هێزچەکدارەکان کردەوە بە پابەندبوون بە بوارەکانی کاری هەواڵگری.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەنجووومەنی هەواڵگری نیشتمانی دانیشتنی حەوتەمی خۆی بە ساڵی 2024 بە سەرکایەتی قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەنجامدا و لە بوونی سەرکردەکانی کەمەگەی هەواڵگری نیشتمانی.

ئاماژەی بەوەشکرد : ئەنجومەن تاوتوێی ئەو بابەتانەی لە بەرنامەی کاردا کردووە، و بەیار و ڕاسپاردەی پێویستی لەبارەیانەوە داوە، ئاماژەی بەوەشکرد : ئەندامانی ئەنجومەن کورتەیەکیان لەسەر پلانی کاری داهاتوو پێشکەشکرد، جگە لەوەی باسیان لە دەسپێ ئەمنییە هاوبەشەکانی نێوان ناوەند و هەرەم کرد، بە مەبەستی بەدەستهێنانی یەکگرتوویی و هەماهەنگی لە لایەنی ئەمنی و هەواڵگریدا.

بەپێی بەیاننامەکە ئەعرەجی جەختی لە گرنگی جەبەجەکردنی ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، پێویست بە پابەندبوون بە بوارەکانی کاری هەواڵگری و پیشەییبوون لە ئەنجامدانی ئەرکە ئەمنییەکان کردەوە.